www.kurdistannet.org
7-7-2006 18:25بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

بە ناوی کۆردستانی گەورە.

soransa@hotmail. com
تاران - 2706/4/15

## ناساندنی بنە ماڵەی دایکی پێشەوا قازی محەممەد ...ح. س. سۆران.

حەزرەتی ئەبولحەسەنی سەیف، هۆنەری مەزنی کورد، کە بە پیرەمێردی مۆکریان بەناوبانگە و مامی پێشەوا قازی محەممەدیشە، دەفەرمۆێ:

بە کوتە شانامان گەلان دەمێنن بە میر و مەزنان شان دەشەکێنن

یا سەردار ئەحمەدی خانی، نزیکەی نیو هەزارە بەر لەمە، پێمان دەلێ:

ئەگەر ئێمەش پادشایەکمان ببوایە، تاجێکی لەسەر بنایە و... ؛ دۆز و فەرهەنگی کورد وا بێ بەها نەدەما و کرمانج نەدەبوە بارەبەر و ژێردەستەی نامەرد.

منیش وەک شاگردێکی هەرە چکۆلەی ئەو مەکتەبە، عەرزتان دەکەم: ئەگەر ڕێزمان لە ئایینە کوردیە کان بگرتایە و بمانپاراستایەن، ڕێبەری ئایینە پیرۆزە کۆردیەکان، دەبوونە پێغەمبەری کورد، بە زمانی کوردی پەیامی خودای کۆردستانی گەورەیان بۆ ئێمە ناڵ دەکرد و ئەو پادشایانەی کە ماموەستا ئەحمەدی خانی بە ئاواتی خواستوون، وەک پادشای گەلانی بەختەوەر، دەبوونە سێبەری خودای سەر عەرزی کورد و هەر تەرەکەمە و بیانیەک، بە چاوی پێس لەم ولاتە پیرۆزە مۆڕ ببوایە تەوە، چاویان هەڵدەکۆلی. **قوربان گیان! هەر بە قامکیش حیسابی بفەرموێ، لە سەد و بیست و چوار هەزار پێغەمبەر و یەک میلیۆن زرەپێغەمبەر، ئێمەش چوار پێنج دانە مان هەر دەکەوێ -... گیان خۆدا عادلە. مەگەر شەندە لە مەندە کەمترە؟ لە دەوری سەرتان گەڕێم، مەگەر حەزرەتی سوڵتان ساهاکی خۆمان، چی لە عوزەیر پێغەمبەری قیبتی ماوەتەوە؟**

ئەو بەرکوڵەی سەرەوە، سەرەتایاک بو بۆ ئەوەی کە بیسەلمێنین، دەبێ ڕێز لە بیرمەندان، ناوداران و خزمەتگۆزارانی خۆمان بگرین، لە قەڵەمیان نەخەین و بە فیرۆ لەبیریان نەبەینەوە.

یەکێک لەو شتانەی کە لە مێژوی کورد دا بە هەڵە لە قەڵام خراوە، ناوی ئافرەتان و بنەماڵەی دایکی مەزنە ژنان و مەزنە پیاوانی کۆردە. بۆ وێنە، کێ باسی ئەوەی کردوە کە دایکی شا مەحموودی بەرزنجی، مەلا مستەفا بارزانی یا پێشەوا قازی محەممەد کێ بوە - ئەمە لە حالێک دایە، کە گشتمان ناوی بنە و بنە چەکی، بنەماڵەی باوکی ئەو سەروەرانەمان دەزانین. جا بیلامانێ، بەمە دەڵێن چەشنێک ژنکوژی. دیارە لە چەقی دەرگەی هەزارەی سێ دا، زۆربەی ئێمە دەزانین، کە شوێنی دایک لە ژیانی مرۆڤدا، گەلێک لە شوێنی باوک بەرچاو ترە: بۆ وێنە، منداڵ نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ لە زگی دایک دا دەژێ و لە مۆخی خوێنی ئەو ژیوار دەکات ؛ تا سەردەمی لاوی، زۆربەی کاتی منداڵ لەگەڵ دایکی دەگوزەرێ و زوربەی ئاکار و تانانەت زمانی نەتەویی، لە دایک فێر دەبێ. کەوایە، لەقەڵەم خستنی ئەو گشتە نەخش و خزمەتەی دایکان، سووچێکی گەورەیە و شیاوی کورد و کرمانجی هەزارەی سێ نیە.

ئەز بە نۆرەی خۆم، بۆ قەرەبو کردنەوەی ئەم هەڵە زەبەلاحە و پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە زەقە، هەوڵ دەدەم بە پێی توانا و دەرفەت، دایکی ناودارانی کۆرد بناسێنم و لە فەرامۆشخانەی مێژویان دەربهێنم. کە ئەم کارە، لە بنە ماڵەی دایکی پێشەوا قازی محەممەدەوە دەست پێ دەکەم:

دایکی پێشەوا قازی محەممەد، ناوی گەوهەرتاج خانم بوە. ئەم ئافرەتە کوردە لە ئاوایی سلێمانکەندی، لە ناوچەی فەیزوڵلابەگی شاری سەقز لە دایک بوە. گەوهەر تاج خانم کچی شێر بەگ بوە و نەوەی فەیزوڵلا بەگ. واتە، فەیزوڵلا بەگ دەبێتە باپیرە گەورەی قازی محەممەد. فەیزۆڵلا بەگ سەرۆک هۆزی فەیزوڵلابەگی بوە، کە ئەم هۆزە ئێستا نزیکەی پێنج هەزار کەسن و لە شارگەلی بۆکان، سەقز و مەهاباد و دەوروبەری ئەو باژارانە دەژین. هۆزی فەیزۆڵلا بەگی، بە ڕەچەڵەک دەچنەوە سەر بوداق سوڵتان، کە نزیکەی 400 سەد ساڵ پێش، مێر {پادشای} موکوریان بوە و تەنانەت سکەی کوردستانی لێداوە. بەڵام بەداخەوە بۆم ڕوون نەبووەوە، کە دایکی گەوهەر تاج خانم کێ بوە - هەر کات بۆم دەرکەوت، لە نووسراوەیەکی دیکە دا عەرزتان دەکەم.

گەوهەر تاج خانم ئافرەتێکی زۆر بزان و کەیبانو بوە و کە شوی کردوە بە بابی قازی محەممەد { قازی عەلی}، لە ئاوایی سڵێمانکەندیەوە، بە بووکی بردوویانە بۆ مەهاباد، لەو شارە بۆ جوانی، بە مشووری و کەیبانووگەری بە ناوبانگ بوە، هەر بۆیە ئێستاش کە لە شاری مەهاباد تاریفی ئافرەتێک دەکەن، دەڵێن { وەک کچە بەگزادە وایە }، چون گەوهەر تاج خانم، لە بەگزادەی فەیزوڵڵابەگی بوە.

گەوهەرتاج خانم و پێشەوا قازی محەممەد، ئەم منداڵانەیان بوە:

دو دانە محەممەد، دو دانە ئەبولقاسم، خەدیجە، ئامینە و کچێکی دیکە. محەممەدی هەوەڵ و ئەبولقاسمی هەوەڵ بە نەخۆشی منداڵان مردوون، یانی قازی محەممەد، محەممەدی دووهەمە و سەدری قازی، ئەبولقاسمی دووهەم.

خوشکێکی دیکەی گەوهەرتاج خانمیش، بە ناوی زبێدە خانم، شوی کردوە بە ئەبولحەسەنی سەیف، مامی قازی محەممەد و حەمەحوسەین خانی سەیفی شەهیدیش کوڕی ئەم بوە. یانی پێشەوا قازی محەممەد، سەدری قازی و حەمە حوسەین خان، هەر سێ دایکیان لە هۆزی فەیزوڵلا بەگی بوە.

قازی محەممەد، سەدری قازی و حەمە حوسەین خانی سەیف، چون دایکیان لە هۆزی فەیزووڵلابەگی بوە، بۆ ماوەیەکی زۆر لە ماڵی خاڵیان، لە گوندەکانی سڵێمانکەندی، داشاڵووجە و یەکشەوەی ناوچەی فەیزوڵلابەگی ماونەتەوە و وانەیان خوێندوە.

تێبینی:

بە هیوام خوێنەرانی رێزدار، ئەم نووسراوەیەم لە پێناوی روون کردنەوەی بەشێک لە مێژوی ناودارانی کوردستانی مەزن دا لێ وەربگرن، نەک شتێکی بەرتەسکی بنەماڵەیی. پێویستیشە ئەمە بدرکێنم، کە تەنیا لە هەوەڵی نەورۆزی ئەمساڵەوە {2706 }، بە مەبەستی رێزگرتن لە ناوداران و خزمەتگوزارانی کورد، سەردانی ئەم شوێنانەم کردوە: گڵکۆی پێشەوا قازی محەممەد و هاوالآنی لە مەهاباد ؛ گڵکۆی حاجی بابە شێخ سەرۆک وەزیری کۆماری دێموکراتیکی کوردستان لە تورجان ؛ گڵکۆی ئەحمەدی تاهیر بەگ ئەو کەسەی کتێبی شەرەفنامەی رووننووس کردوە، لە ئاوایی تورجان ؛ گڵکۆی مەلا ئەبووبەکری موسەننیفی چۆڕی زانای بە ناوبانگی کورد لە مەریوان، گڵکۆی سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی و کاک ئیدریس لە ناوچەی بارزان ؛ گڵکۆی فرانسوا حەریری، دۆستی کورد، لە حەریر ؛ گڵکۆی عەلی حەریری، هۆنەری کورد، لە حەریر ؛ گۆڕ خانەی هۆنەران لە مەهاباد، گڵکۆی بوداق سوڵتان مێری موکوریان، لە مەهاباد ؛ گڵکۆی کاک سوارە یەلخانی زادە، هۆنەری کورد لە حەمامیانی بۆکان، گڵکۆی حاجی رەحمانئاغای موهتەدی، وەزیری کابینەی کوردستان، لە حەمامیان و چەندین جێگەی پیرۆزی دیکە. بە هیوای ئەوەی کە بتوانین، وەک هەمو نەتەوە بەختەوەرەکان، بە بێ هۆزگرایی، ناوچە پەرەستی و تاقم بازی، رێز بۆ هەمو ناوداران و خزمەتگوزارانی خۆمان دابنێنن. پێویستیشمان بە دروستکردنی ئوستوورەی کوردی هەیە.

ح. س. سۆران.